# The Manifestation of the Iraqi Style in Wafayi's Kurdish Poetry

Hunar Anwar Mamsofi[1], Kadhim Sheikh Hussein[2]
[1] Soran University, [2] Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.05*

*Published: 16/8/2026*

***Abstract***

*Owing to the long-standing literary relationship between Kurdish and Persian literature and the profound influence of Persian literature on the Kurdish literary tradition, a number of literary styles and stylistic conventions that flourished in Persian literature were adopted into Kurdish literature and became evident in the works of Kurdish poets. This study, entitled " The Manifestation of the Iraqi Style in Wafayi's Kurdish Poetry," seeks to examine the manifestations of the Iraqi Style in Wafayi's poetry. To achieve this objective, the study employs a descriptive-analytical approach. It attempts to highlight the most prominent characteristics of this style in Kurdish ghazals as employed by the poet. In conclusion, we find that Wafai is a follower of the Iraqi style, and that the characteristics of this style are clearly reflected in his poetry, from linguistic, intellectual, and literary perspectives*

*Keyword: Iraqi Style; Literary Style; Linguistic Characteristics; Literary Characteristics; Intellectual Characteristics; Wafayi.*

# ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرە کوردییەکانی وەفاییدا

م.ی. هونەر انور مامصوفی[1] – د.کاظم شێخ حسێن[2]

[1,2]زانكۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی فارسیدا هەبووە و ئەو کاریگەرییەی ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی دروستیکردووە، وای کردووە ئەو شێواز و ستایلانەی لە ئەدەبی فارسیدا باوبوون بگوازرێنەوە نێو ئەدەبی کوردی و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری شاعیرەکان هەبێت. ئەم توێژینەوەیەش کە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرە کوردییەکانی وەفاییدا)یە، ئامانج لێی نیشاندانی سەبکی عێراقییە لە شیعرەکانی وەفاییدا، بۆ ئەم مەبەستەش پێڕەوی لە ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) کراوە و تیایدا هەوڵدراوە هەریەکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبکە لە غەزەلە کوردییەکانی شاعیردا بخرێنەڕوو و لە کۆتایی دا گەیشتین بەو ئەنجامەی، کە وەفایی یەکێکە لە پێڕەوکارانی سەبکی عێراقی و تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبکە لە ڕووی( زمانەوانی و هزری و ئەدەبی) زۆر بە ڕوونی لە شیعرەکانی ڕەنگیانداوەتەوە.

وشە سەرەکییەکان: شێواز، سەبکی عێراقی، تایبەتمەندیی زمانی، تایبەتمەندیی ئەدەبی، تایبەتمەندیی هزری، وەفایی

## ١.پێشەکی:

گومان لەوەدانییە کە ئەدەبی فارسی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەدەبی کوردیدا هەبووە، ئەم کاریگەرییەش وای کردووە ئەو ستایل و شێوازانەی لە ئەدەبی فارسیدا باوبوون، بگوازرێنەوە نێو ئەدەبی کوردی و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا هەبێت. ئەدەبی کۆنی فارسیش بە سەر سێ سەبکی سەرەکی (خۆراسانی، عێراقی و هندی)دا دابەشدەکرێت، یەکێک لە دیارترین ئەو سەبکانەی کاریگەری لەسەر شیعری کلاسیکی کوردیدا هەبووە و تایبەتمەندییەکانی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، سەبکی عێراقییە.

٢.١. ناونیشانی توێژینەوەکە: بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی وەفاییدا) ، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبکە لە شیعرەکانی شاعیردا.

٣.١. سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە: تەنیا لە چوارچێوەی شیعرە کوردییەکانی شاعیردایە، لە شیعرە کوردییەکانیش تەنیا غەزەلەکان کراونەتە بنەما و نموونە شیعرییەکان تەنیا لە غەزەلەکان وەرگیراون.

٤.١. ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا بۆ نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی شاعیردا، ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) پێڕەوکراوە.

٥.١. پرسیارەکانی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەبین:

ـ ئایا سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی وەفاییدا ڕەنگیداوەتەوە و وەفایی یەکێکە لە پێڕەوکەرانی ئەم سەبکە؟

ـ ئایا هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبکە بە تەواوی لە شیعرەکانی وەفاییدا بەرجەستەبوونە؟

٦.١. گرنگیی توێژینەوەکە: لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەدیاردەکەوێت:

– شێوازی گشتی شاعیرمان بۆ دیاریدەکات، کە سەر بە شێوازی عێراقی و دواجار شێوازی شیعری کلاسیکی کوردییە.

– دیاریکردنی بەشێک لە سەرچاوەی شێوازی شیعرەکانی شاعیرە.

– دواجار ئەم توێژینەوەیە خۆی لەخۆی لەخۆدا دەتوانێت ببێتە نیشاندەری بەشێک لە سەرچاوەی شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی.

٧.١. ئامانجی توێژینەوەکە: نیشاندان و خستنەڕووی تایبەتمەندی سەبکی عێراقییە لە شیعرەکانی وەفاییدا، بۆ ئەوەی شێوازی گشتی شاعیر نیشانبدرێت، لە کۆتایشدا وەک بەشێک لە سەرچاوەی شێوازی شیعرەکانی شاعیر بناسێندرێت.

٨.١. ناوەڕۆکی توێژینەوە: ئەم توێژینەویە بە گشتی لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم دابەشی سەر دوو تەوەرە کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا تەنیا باس لە (چەمک و زاراوەی شێواز) کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا، سەرەتا باس لە (سەبکی عێراقی و زەمینەی سەرهەڵدانی) کراوە، دواتر بە جیا باس لە هەریەکە لە تایبەتمەندییە (زمانی، ئەدەبی و هزری)یەکانی سەبکی عێراقی کراوە. بەشی دووەم بەشی کارەکیی توێژینەوەکەیە، لەم بەشەدا سەرەتا وەکو دەروازەیەک بۆ چوونە نێو بابەتەکە باس لە (پەیوەندیی وەفایی بە سەبکی عێراقی) کراوە، دواتر بە نموونەی شیعری تایبەتمەندییە (زمانی، ئەدەبی و هزری)یەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی وەفاییدا خراونەتەڕوو.

لە کۆتاییی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە پێیگەیشتووین، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خستوومانەتەڕوو.

٢.تەوەری یەکەم:

١.٢. چەمک و زاراوەی شێواز (سەبک):

لە ڕووی زاراوەوە وشەی شێواز" زاراوەیەکی کۆنە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرە ئەدەبییەکانەوە سەری هەڵداوە، لە وشەی (Stylus) ی گریکی - لاتینییەوە هاتووە. ستیلۆس لە زمانی یۆنانیدا بە ئالەتێک دەوترا یان تیغێکی مەعدەنی یان دارێک یان پارچە عاجێ کە لە کۆندا وەک شێوەی قەڵەم دروست دەکراو و لە سەر پارچە مۆمێکی پانکراو نووسین و وێنەیان پێدەکێشا" (بهار، ٢٥٣٥: ج ـ د). لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ زاراوەی شێواز (Style) و لە زمانی عەرەبیدا (اسلوب) و لە زمانی فارسیدا (سبک) بەکاردێت. لە زمانی کوردیشدا لە ئێستادا بە تایبەتی لە بواری ئەدەبدا زاراوەی (شێواز)ی بۆ بەکاردێت.

لە ڕووی چەمکیشەوە شێواز چەمکێکی بەرفراوان و بەربڵاوە و چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، ئەگەر لە بواری ئەدەبیدا سەرنجی هەموو ئەو پێناسانەی بۆ شێواز کراون بدەین، دەبینین بە گشتی هەریەکەیان خۆی لە یەکێک لە ڕوانگەکانی (نووسەر، دەق و خوێنەر)دا دەبینێتەوە، هەندێکیان لە ڕوانگەی نووسەرەوە لە شێواز دەڕوانن و شێواز وابەستەی نووسەر دەکەن، بە هەمان شێوە هەندێکی تریشیان لە ڕوانگەی دەق و خوێنەر لە شێواز دەڕوانن و بە یەکێک لە مانەوە پەیوەستی دەکەن، ئێمەش لێرەدا بۆ ئەوەی بەشێک لە واتای شێوازمان لاڕوونببێتەوە، هەوڵدەدەین لە هەر سێ ڕوانگەوە چەند پێناسەیەک لە بارەی شێواز بخەینەڕوو:

لە ڕوانگەی نووسەرەوە شێواز" ئەو ڕێبازەیە یان ئەو ڕێگایەیە، کە نووسەر لە کاتی دەربڕیندا پێڕەوی دەکات، بە جۆرێک کەسایەتی نووسەر تیایدا لە ڕووی زمان و دەربڕین و دارشتنی وشە و ڕستەکان و ئاستی هونەرکارییدا، لە کەسایەتییەکی ترەوە جیا دەکاتەوە"(محەمەد، ٢٠١١: ٤٩). باوترین و دیارترین ئەو پێناسانەی لە ڕوانگەی نووسەرەوە لە شێواز دەڕوانن پێناسەکەی (بۆفۆن)ە کە دەڵێت: "شێواز مرۆڤ خۆیەتی" (ئەحمەد، ٢٠١٤: ٢٧). بێگومان هەر نووسەرێک لە

نووسیندا خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی، کە ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانە لە لای هیچ نووسەرێکی دیکە نابیندرێن، دواجار هەر ئەمانە دەبن بە شێوازی تایبەتی نووسەر، چونکە هەر خەسڵەت و تایبەتمەندییەک لە لای نووسەرێکی تریش هەبێت، بێگومان سیمای تایبەتی نووسەرەکە لەدەستدەدات و دەبێت بە سیمایەکی گشتی و لە سیمای کەسی دەچێتە دەرەوە. هەموو مرۆڤەکان لە ڕووی هزر و هەست و سۆز و لایەنی دەروونی و ڕەفتاری تاک لە یەکتر جیاوازن، بۆیە لە نووسینیشدا خاوەنی شێوازی جیاوازن، هەر ئەمەش وایکردووە شێواز بە نووسەرەوە پەیوەست بێت و لێی جیانەبێتەوە.

تێڕوانینی شێواز لە ڕوانگەی دەقەوە پەیوەستە بە سەرهەڵدانی زمانەوانی نوێوە، کە ئەوان وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە دەقیان دەڕوانی و لە نووسەر و ژینگەی دەوروبەریان دادەبڕی و بە گشتی سەرنجیان لە مانا و پێکهاتەی دەق دەدا، لە بارەی شێوازیشەوە ئەوان بە هەمان شێوە پێناسەی شێواز دەکەن و لە شێواز دەڕوانن، (ڕیڤاتێر) یەکێکە لەو لێکۆڵەرانەی لەو ڕوانگەیەوە پێناسەی شێواز دەکات و دەڵێت:" چەمکی دەق پەیوەستە بە ئەدەبییەت، ئەدەبیەتیش پەیوەستە بە شێوازی تاکیەتی و تایبەتی، هەروەها شێوزایش بریتییە لە دەق" (ئەحمەد، ٢٠١٤: ٣٨). هەر لەم ڕوانگەیەوە (عبدالسلام المسدی) دەڵێت:" ئەگەر دەق کۆرپەی خاوەنەکەی (نووسەر) بێت، ئەوا شێوازیش کۆرپەی دەقە" (المسدی، ٢٠٠٦: ٧١). بە گشتی لای خاوەنرایانی ئەم بوارە شێواز وابەستەیە بە دەق و لە زمان و چنین و پێکهاتەی،... تاد دەقدایە.

ئەو توێژەرانەی لە ڕوانگەی خوێنەرەوە لە شێوازیان ڕوانیوە، شێواز لە هەردوو جەمسەرەکەی (نووسەر و دەق) دادەبڕن و بە خوێنەرەوە پەیوەستی دەکەن. (پییرو جیرۆ) یەکێکە لەوانەی لەم ڕوانەگەیەوە لە شێوازی ڕوانیوە و دەڵێت" شێواز کۆمەڵە ڕەنگێکە وتاری پێ ڕەنگ دەکرێ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە باوەڕ بە خوێنەر بێنێت و چێژی پێ ببەخشێت و

سەرنجی ڕابکێشێت و کار لە خەیاڵی بکات" (المسدی، ٢٠٠٦: ٦٦). کەواتە بە گشتی لەم ڕوانگەیەوە شێواز بریتییە لەو کاریگەری و کاردانەوەی لای خوێنەر دروستی دەکات.

لە کۆی هەموو ئەو پێناسانەی بۆ شێواز خستمانەڕوو، دەتوانین بڵێین: شێواز بریتییە لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی نووسەر کە لە زمان و پێکهاتەی دەقدا بەرجەستە دەبن و کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەکەن.

## ٢.٢. سەبکی عێراقی و زەمینەی سەرهەڵدانی:

ئەدەبی کۆنی فارسی بەپێی ئەو پۆلێنکردنەی لێکۆڵەرانی ئەدەبی فارسی لە ڕوانگەی شێوازگەرییەوە کردوویانە، ئەدەبەکەیان بەسەر سێ قۆناغ دابەشکردووە، کە بریتین لە سەبکی خوراسانی و سەبکی عێراقی و سەبکی هیندی، بێگومان هەریەک لەم سەبکانە لە سەردەم و قۆناغێکدا بوونەتە شێوازی زاڵ و لای زۆربەی شاعیران پێڕەوی لێکراوە. ئەوەی لێرەدا بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە سەبکی عێراقییە، بۆیە هەوڵدەدەین بە کورتی سەبکی عێراقی و زەمینەی سەرهەڵدانی بخەینەڕوو.

لە ڕووی زاراوەوە ئەم سەبکە، بۆیە بە سەبکی عێراقی ناونراوە، کاتێک هێرشی مەغۆڵەکان بۆ سەر ئێران دەستی پێکرد، ناوەندی کەلتوری و ئەدەبی لە خوراسانەوە بۆ عێراقی عەجەم گوازرایەوە و شاعیرە گەورەکانیش زۆربەیان لە شارەکانی عێراقی عەجەم وەکو شاری (شیراز و ئەسفەهان) بوونە، بۆیە ئەم سەبکە بە سەبکی عێراقی ناونراوە. (قاسمی، ١٣٩٣: ١٠٥). عێراقی عەجەم زاراوەیەکی جوگرافیی کۆنە بۆ بەشێک لە جوگرافیای ئێران بەکارهاتووە" لە زاراوەی جوگرافیای کۆندا، بۆ ناوچەکانی ناوەند و ڕۆژئاوای ئێران، ناوی عێراقیان دانابوو، ئەم شێوازە بە سەبکی عێراقی ناوبانگی دەرکرد" (میرصادقی،١٣٨٥: ١٥٣). و بە یەکێک لە سەبکە دیارەکانی شیعری فارسی دادەنرێت، کە گەورە شاعیرانی ئێرانی وەکو مەولەوی و حافز و سەعدی و... تاد. سەر بەم سەبکەن. لە ڕووی چەمکیشەوە لە بارەی ئەم سەبکە سیروسی شەمیسا دەڵێت:"

سەبکی عێراقی لە ڕووی مێژووییەوە دەسەڵاتی مەغۆڵەکان و ئیلخانان تەیموری دەگرێتەخۆی و لە سەدەی حەفتەم تا کۆتایی سەدەی نۆیەم بەردەوام دەبێت" (شمیسا، ١٣٨٢: ١٩٢). هەر لە بارەی ئەم سەبکەوە دەگوترێت:" لە مێژووی شیعری فارسی دەری بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەگۆترێت، کەلە شێوازی زۆرینەی شاعیران لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەم تا کۆتایی سەدەی نۆیەمی کۆچی دا هاتە ئاراوە"(میرصادقی، ١٥٣:١٣٨٥). کەواتە دەتوانین بڵێین سەبکی عێراقی بریتییە لەو تایبەتمەندییە زمانی و ئەدەبی و هزرییانەی کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆیەم (سیمای زاڵ و باوی شیعری فارسی بوون). باڵی بە سەر شیعری فارسیدا کێشابوو.

سەبکی عێراقی لە ڕووی مێژووییەوە بەرئەنجامی گۆڕانێکی مێژووییە لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا. سەبکی خوراسانی، کە پێش سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی سەبکی زاڵی ئەدەبیی فارسی بوو، لەگەڵ کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی غەزنەوییەکان و هاتنی سەلجوقییەکان وردە وردە گۆڕانکاری بەسەردا هات" بە هاتنی سەلجوقییەکان کە بێگانە بوون لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی فارسی دا، بازاڕی گەرمی شاعیران و ئەدەب پەروەرانیش بەرەو نەمان دەڕۆیشت و ئیتر کۆشکی مەحموودی غەزنەوی نەمابوو، کە خوانی ئەدەبی پەروەری و شاعیر دۆستی هەمیشە ڕازاوە بووە و شاعیران و نووسەرانیش بە ناچاری بۆ ناوچە جیاوازەکان کۆچیان کردووە لە خۆراسان دوور کەوتنەوە" (خەلیل، ٢٠١٦: ١٥). ئەمە دەبێتە سەرەتای گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ئەدەبیاتی فارسی و دواتر بە "هێرشی مەغۆڵەکان، ئەو گۆڕانکارییەی، کە پێشتر بەرێخرا بوو گەیاندە کەمال" (ئەحمەد، ٢٠١٥: ١٤). چونکە لەو کاتەوەی کە "مەغۆڵەکان لە سەرەتای سەدەی حەفتەمی (٦١٧) کۆچی هێرشیان هێنایە سەر خۆراسان و پاشان ناوچەکانی تری ئێرانیان داگیر کرد و سیستەمی ئابوری و کشتوکاڵ و شارستانییەتی ئێران زیانی گەورەی لێکەوتەوە" (شمیسا، ١٣٨٢: ١٩٢). مەغۆڵەکان خەڵکانێکی بەربەری بوون و دووربوون لە شارستانیەت، دوای ئەوەی ئێران

داگیردەکەن، وێرانکاری و کاولکارییەکی زۆر لە ئێران دەکەن، ئەمەش کار لە سەر هەموو کایەکانی کۆمەڵگای ئێرانی وەکو ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی... تاد، دەکات، ئەدەبیش وەک هەموو کایەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجە، بەمەش سەبکی خۆراسانی خۆری ئاوا دەبێت و ڕێگا بۆ هاتنە پێشەوەی سەبکێکی دیکە خۆشدەکات" پاش هێرشی مەغۆڵەکان و کاول کردنی ولاتی ئێران تاکو عێراق، ئەو ناز و خوانەی کە بۆ شاعیرانی سەبکی خۆراسانی ڕازابووەوە، لەناوچوو و ئەو ڕۆحی دلێری و ئازایەتیی ئێرانییەکان بەرەو کزی ڕۆیشت، بە هۆی زوڵم و ستەم و کاولکاری مەغۆڵەکان، تەواوی ئەوانەش ڕەنگی دایەوە لە قالبی سەبکێکی نوێ کە بتوانێت گوزارشت لە ئێرانێکی دیکە و ڕۆحێکی دیکە بکات و ئەو سەبکەش بە عێراقی ناسرا" (خەلیل، ٢٠١١: ١٤). بەدەر لەمە کۆمەڵێک هۆکاری تر ڕۆڵیان هەبوو لە گۆڕانی سەبکی خۆراسانی بۆ سەبکی عێراقی، کە بریتیین لە:

- تێکەڵاوبوونی خەڵکی خۆراسان و عێراقی عەجەم.
- زمانی فارسی دەری دەبێتە زمانی خوێندن و نووسین.
- سۆفیگەری باو دەبێت و سۆفییەکان چالاکی خۆیان دەنوێنن.
- دامەزراندنی قوتابخانەی ئاینی و بڵاوبوونەوەی زانستە ئیسلامییەکان.
- گرنگی نەدانی سەلجوقییەکان بە شیعر و شاعیران و باوبوونی قاڵبی غەزەل لە سەرەتای دەسەلاتیانەوە.
- لەناوچوونی نەوەی زانایانی پێشوو.
- لەناوچوونی بزوتنەوەی شعوبییە، کە دژی زاڵبوون و گەورەکردنی عەرەب بە سەر غەیری عەرەب بوون.
- ئاژاوەکان بەهۆی ناکۆکی نێوان دەسەلاتدارن و شەڕەکانی ناوخۆیی، (شمیسا، ١٣٨٢: ٩١ - ١٠٦). دواجار هەموو ئەمانە بەیەکەوە بوونە هۆکار و زەمینەسازی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی.

### ٣.٢. تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی:

هەر سەبکێک و شێوازێکی ئەدەبی، کە لە سەبکەکانی تر جیادەکرێتەوە، بێگومان لە سەر بنەمای کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندییە، کە دەبنە سیما هەرە دیار و جیاکەرەوەی ئەم سەبکە لە سەبکەکانی دیکە، سەبکی عێراقیش لە ئەدەبی فارسیدا هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندییە، کە لە سەبکەکانی دیکەی وەکو سەبکی (خۆراسانی و هیندی) جیادەکاتەوە. لێکۆڵەرانی بواری شێوازناسیی ئەدەبی فارسی، تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی بە سەر سێ ئاستدا دابەش دەکەن، ئەوانیش بریتن لە:

### ١.٣.٢. تایبەتمەندییە زمانییەکان:

هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر زمانی سەبکی خۆراسانیدا دێت و بەرەو سەبکی عێراقی ئاراستەی دەکات، ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییەیە، کە بە هۆی هێرشی سەلجوقی و مەغولەکان لە کۆمەڵگای ئێرانیدا ڕوویدا. ئەو گۆڕانکارییانەی لە زمانی سەبکی خۆراسانی ڕوویاندا دواجار دەبنە سیمایەکی تایبەتی سەبکی عێراقی لە سەبکەکانی دیکە جیایدەکاتەوە.

زمانی سەبکی عێراقی زمانێکی تێکەڵە لە وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی و تورکی، سەرچاوەی سەرەکی هاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی بۆ ناو زمانی شیعری فارسی، دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ئاین، دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بە نێو نەتەوە ناعەرەبەکان لە ژێر کاریگەری ئاینەکەدا وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی پەڕینەوە نێو زمانەکانی تر، ئەمەش وایکرد ئەم وشە و زاراوانەی زمانی عەرەبی بێنە نێو زمانی سەبکی عێرقی. (شمیسا، ١٣٧٥: ١٨٤). هەرچی وشە و زاراوەی زمانی تورکییە دەگەڕێتەوە بۆ هێرشی سەلجوقی و مەغۆڵەکان، کە ئەمانە بە ڕەگەز تورکن، لەگەڵ هاتنی ئەمانەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی زمانی تورکی هاتنە ناو زمان و زمانی شیعری فارسییەوە (نژاد و کزازی، ١٣٨٨: ٣٠). دواجار ئەمە

وایکردووە زمان لە سەبکی عێراقیدا زمانێکی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی بە ڕێژەیەکی زۆر و وشە و زاراوەی زمانی تورکی بە ڕێژەیەکی کەمتر ببێت.

ڕەنگدانەوە زاراوە عیرفانی و زاراوەی زانستە ئیسلامی و زانستەکانی دیکە، عیرفان و تەسەوف یەکێکە لە ناوەرۆکە دیارەکانی سەبکی عێراقی ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر زمانی سەبکی عێراقیدا هەبووە، چونکە عیرفان و تەسەوف کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەم وشە و زاراوانەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. (غلامرضایی، ١٣٩١: ١٨٤). بووەتە یەکێک لە سیما زمانییەکانی سەبکی عێراقی.

دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و گەیشتنی بە نێو نەتەوەکانی دیکەدا، زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی خوێندن و زانستە ئیسلامییەکان بە نێو نەتەوەکاندا بڵاو دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وشە و زاراوەی زانستە ئیسلامییەکان بێنە نێو زمانی شیعری فارسی. (شمیسا، ١٣٨٢: ٢٢٦). لە پاڵ وشە و زاراوەی زانستە ئیسلامییەکان وشە و زاراوەی زانستەکانی دیکەش دێنە ناو زمانی شیعری فارسی. (نژاد و کزازی، ١٣٨٨: ٣٠).

زمانی سەبکی عێراقی زمانێکی نەرم و نیانە و جیاوازە لەو زمانانەی کە لە سەبکی خۆراسانیدا هەبوو، کە زمانی گوزارشتکردن لە شکۆمەندی و ئازایەتی و دلێری ئێرانییەکان بوو، بە پێچەوانەوە زمانی سەبکی عێراقی زمانی هەست و سۆز و غەزەلە، زمانی گوزارشتکردنی ناخ و ناوەوەی شاعیرەکانە. (غلامرضایی، ١٣٩١: ١٤٨). کە ئەوەی یەکەمیان تا ڕادەیەک زمانێکی زبر و ڕەقە و ئەوی دیکەیان زمانێکی نەرم و نیان بەرهەم دەهێنێت.

**٢.٣.٢. تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان:**

سەبکی عێراقی تەنیا لە ڕووی زمان و هزرەوە خاوەنی سیمای تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکو لە ڕووی ئەدەبیشەوە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندییەی لە خۆدەگرێت، کە لە سەبکەکانی دیکەی جیادەکاتەوە. لە سەبکی عێراقیدا قاڵب و فۆرمی باوی شیعر غەزەلە، بەر لە سەبکی

عێراقی لە سەبکی خۆراسانیدا قەسیدە فۆرمی باوی شیعری فارسی بووە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی سەبکی خۆراسانی بۆ سەبکی عێراقی قاڵبی غەزەل شوێنی قەسیدەی سەبکی خۆراسانی دەگرێتەوە و دەبێتە فۆرمی زاڵ لە شیعری سەبکی عێراقیدا(غلامرضایی، ١٣٩١: ١٤٩). جیا لە غەزەل فۆرمە شیعرییەکانیتریش لە سەبکی عێراقیدا هەبوونە، بەڵام غەزەل بووەتە فۆرمی زاڵی سەردەمەکە و ئەوانی دیکە بە ڕێژەیەکی کەمتر بەکارهاتوون.

لە ڕووی سەرواشەوە سەبکی عێراقی تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی لەگەڵ سەبکەکانی پێش و دوای خۆیەوە هەیە، لە سەبکی خۆراسانیدا (پاش سەروا) نەبووەتە دیاردە و بە شێوەیەکی زۆر کەم بەکارهاتووە، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا (پاش سەروا) بە ڕێژەیەکی زۆر بەکارهاتووە و بووەتە سیمایەکی جیاکەرەوەی سەبکی عێراقی (پیرۆت و محمد، ٢٠١٩: ٣٥٩). شاعیرانی سەر بەم سەبکە بە شێوەیەکی بەرچاو (پاش سەروا) یان لە شیعرەکانیان بەکارهێناوە و پیرەویان لێکردووە.

بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و زیادەیە لە وەسفدا، یەکێکیترە لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی، لە سەبکی خۆراسانیدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە ڕێژەیەکی کەم بەکارهاتوون و هونەرەکانیش زیاتر لێکچواندن و خواستنن بوونە، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەگاتە لوتکە و هونەری جۆراوجۆر بەکاردێن(غلامرضایی، ١٣٩١: ١٤٩). لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە یاری بە زمان دەکرێت و شیعر دەگەیەنێتە ترۆپکی داهێنانی خۆی.

بەکارهێنانی ناسناو لە کۆتایی شیعردا لە سەبکی عێراقیدا دەبێتە دیاردە و دواجار دەبێتە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوە و سەبکی عێراقی لە سەبکەکانی دیکە (میرصادقی، ١٣٨٥: ١٥١)، شاعیرانی سەر بەم سەبکە دیاردەی بەکارهێنانی ناسناو لە شیعردا جێگیر دەکەن و بە زۆری لە دێڕی کۆتایی و هەندێجاریش لە دێڕی پێش کۆتایی ناسناوی خۆیان بەکاردێنن.

### ٢.٣.٣. تایبەتمەندییە هزرییەکان:

دیارترین تایبەتمەندی هزری سەبکی عێراقی بریتییە لە" ئاوێتەبوونی هزری عیرفانی و تەسەوفی بە دنیای شیعر و ئەدەب و بڵاوبوونەوە و ڕەنگدانەوەی هزر و کەلتور و زاراوەکانی عیرفان و تەسەوف لەنێو شیعر و ئەدەبدا" (ئەمین، ٢٠١٤: ٨٢). ئەمەش وابەستەیە بەو ئالۆگۆڕەی دوای هێرشی مەغۆڵەکان لە کۆمەڵگای ئێرانی هاتەکایەوە و بووە هۆی" زیادبوونی ژمارەی خانەقاکان و خانەقانشینی و سیستەمی خانەقایی لەنێو سۆفییەکاندا، لە دیاردەکانی ئەو سەردەمەیە، خەڵکی بە گشتی سەردانی خانەقاکان دەکەن و لە مەجلسی باس و پەندی سۆفییەکاندا ئامادە دەبن" (راستگو، ١٣٨٩: ٥٠٦). ئیتر لێرە بەدواوە شیعری فارسی بیری عیرفانی بەسەردا زاڵ دەبێت و کاریگەریی عیرفان لە سەر شیعردا دەگاتە ئاستێک، جیا لەو شاعیرانەی خۆیان عاریفن و شیعرەکانیشیان لە خزمەتی هزرە عیرفانییەکەدایە، شاعیرانی دیکەی دەرەوەی دنیای عیرفانیش پێڕەوی لە مۆدێلە عیرفانییەکە دەکەن و سیمای عیرفانی بە شیعرەکانیانەوە دیارە، ئەمە تا ئاستێک چۆتە پێشەوە لە شیعری هەندێک شاعیر جیاکردنەوەی مەعشوق لە نێوان ئاسمان و زەمیندا کارێکی دژوارە و ناتوانی بە ئاسانی بڕیار لەسەر یەکلاکردنەوەی بدەی (راستگو، ١٣٨٩: ٥٤ ـ ٥٥). دواجار شیعری شاعیرانی سەر بە سەبکی عێراقی بووەتە بەشێکی گرنگ لە کلتور و میراتی عیرفانی ئیسلامی.

تایبەتمەندییەکی دیکەی سەبکی عێراقی لە ڕووی هزرییەوە، بریتییە لەوەی شیعری سەبکی عێراقی شیعرێکی دەروونگەرا یان خودگەرایە بە پێچەوانەی شیعری سەبکی خۆراسانی کە شیعرێکی دەرەوەگەرایە یا دەرەوە سەنتەر و بابەتییە (شمیسا، ١٣٨٢: ٢٦٠). بە واتایەکی دیکە شاعیرانی سەبکی عێراقی گرنگی بە بابەتە بەرهەستەکان نادەن و زیاتر ڕوویان لە دنیای سەروو سروشتە و بایەخ بە بابەتە ئایدیالی و ئەبستراکت و عەقلییەکان دەدەن، بە پێچەوانەی سەبکی خۆراسانی، کە گرنگی بە بابەتە بەرهەستەکان و دنیای ماتریال دەدەن.

شیعری سەبکی عێراقی بە گشتی شیعرێکی عاشقانەیە و بووەتە یەکێک لە سیما گرنگەکانی سەبکی عێراقی، ئەمەش وایکردووە مەعشوق لە شیعری سەبکی عێراقیدا لە پلە و پایە و پێگەیەکی باڵادا بێت (شمیسا، ١٣٨٢: ٢٥٩). شیعری شاعیرانی ئەم سەبکە بە گشتی گێڕانەوە حیکایەتی عیشقە و بەمەش" عیشق دەبێتە ستایشکراوی یەکەم و سەرەکیی نێو شیعری شاعیرانی سەر بە سەبکی عێراقی و مەعشوقیش دەبێتە سالار و سەروەری شیعر و تەنانەت شاعیر بوونی خۆی لە بوونی ئەودا دەبینێتەوە و ئەو بە سەرچاوەی ژیان و هێز و توانای خۆی دەزانێت" (ئەمین، ٢٠١٤: ٨٣). و هەموو شتێک لە مەعشوقدا کۆ دەکاتەوە.

دیاردەی غەم سیمایەکی دیکەی ئەم سەبکەیە و لە شیعری شاعیرانی سەر بەم سەبکە" شادی و خۆشی و سەر مەستی شیعر... بەرچاو ناکەوێت و غەم و پەژارە و ناڵە و گلەیی جێگەی دەگرێتەوە (غلامرضایی، ١٣٩١: ١٥٤). بۆیە دەگۆترێت" دیوانی ئەم شاعیرانە لە ڕاستیدا غەمنامەی خاوەنەکانیانە، ئەمەش دەکەوێتە خاڵی بەرانبەری سەبکی خۆراسانی کە شیعری شاعیرەکانی بە شادی دەناسرێتەوە و شادی یەکێکە لە سیما بەرچاوەکانی، بە واتایەکی دیکە سەبکی خۆراسانی حیکایەتی وەسڵە و سەبکی عێراقیش حیکایەتی فیراق" (ئەمین، ٢٠١٤: ٨٣). دواجار دووری و جیابوونەوە و دابڕانیش دەبن بە سیمایەکی دیکەی ئەم سەبکە.

### ٣. تەوەری دووەم:

### ١.٣. پەیوەندی وەفایی بە سەبکی عێراقی:

سەبکی عێراقی سەبکێکی کۆنی ئەدەبی فارسییە، لە نێوان کورد و فارسیشدا پەیوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە، ئەم پەیوەندییەش لە ڕێگەی هەر یەک لە هۆکارەکانی (نەژاد، هاوسێیەتی،ئاین، داگیرکاری، بازرگانی،... تاد). لە نێوان کورد و فارسدا دروستبووە، بەڵام ئەوەی بۆ بابەتەکەی ئێمە گرنگە کاریگەریی ئەدەبی فارسی و لەناو ئەدەبی فارسیشدا کاریگەریی شاعیرانی سەبکی عیراقییە لە سەر شاعیرانی کورد بە گشتی و وەفایی بە تایبەتی، ئەوەی پەیوەستە بە کاریگەریی

ئەدەبی فارسی لە سەر ئەدەبی کوردی، ئەمە شتێکی ڕوون و حاشا هەڵنەگرە و لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی و نامەی ماستەر و دکتۆرا لە پەرتوکەکاندا بە بەڵگە ئەمە پشت ڕاست کراوەتەوە، لەناو شاعیرانی فارسدا ئەوانەی زۆرترین کاریگەرییان لەسەر شاعیرانی کورددا داناوە ڕابەرانی سەبکی عێراقین، وەکو (حافز، سەعدی، مەولانا، عەبدولرەحمان جامی،... تاد.)، کەم شاعیری کلاسیکی کورد هەیە غەزەلە بەناوبانگەی حافز (الا یا ایها ساقی) تێکەڵ بە شیعرەکانی خۆی نەکردبێت، ئەمەش وایکردووە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ڕەنگبداتەوە، ئەو نامەئەکادیمی و توێژینەوە زانستییانەی کە لە سەر سەبکی عێراقی کراون و لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن.

وەفاییش وەکو شاعیرێکی کلاسیکی کوردی کاریگەریی ئەدەبی فارسی و شاعیرانی سەر بە سەبکی عێراقی لەسەرە، بە تایبەتی حافز و سەعدی* و شیرازی. وەفاییش بە هەمان شێوەی شاعیرانی دیکەی کلاسیکی کوردی غەزەلە بەناوبانگەکەی حافزی شیرازی (الا یا ایها ساقی) کردۆتە پێنج خشتەکی (بڕوانە: دیوانی وەفایی: ٥٣٤) جیا لەمانە وەفایی (٨٩) شیعری بە زمانی فارسی هەیە، ئەمانە بەڵگەن لەسەر کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی و ڕابەرانی سەبکی عێراقی لەسەر وەفایی، کە دواجار بووەتە هۆی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبکە لە شیعرەکانی وەفاییدا.

## ٢.٣. تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی وەفاییدا:

### ١.٢.٣. تایبەتمەندییە زمانییەکان:

تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی وەفاییدا زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، یەکێک لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەم سەبکە زمانێکی تێکەڵە لە وشەی عەرەبی و بە ڕێژەیەکی کەمتر وشەی تورکی، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئەم تایبەتمەندییە کەمێک گۆڕانی بەسەردا دێت و وشەی زمانی فارسیش دێتە نێو زمانی شیعری کلاسیکی کوردی.

ئەگەر سەیری دیوانەکە بکەین شیعرە کوردی و فارسییەکانی بەم شێوەیەن:




لە ڕووی زمانی ئەگەر لە شیعرە کوردییەکانی بڕوانین بە غەزەل و پێنج خشتەکی و چوارخشتەکی زمانی عەرەبی لە هەموویان زیاتر بەکار هاتووە، شیعرێک نادۆزینەوە وشەی عەرەبی تیایدا بەکار نەهاتبێت، لەدووای خوێندنەوەی شیعرە کوردییەکانی شاعیر لە ١٣٢ شیعر بەکارهاتووە. لە ٤ دانە شیعر دێڕی تەواو بە زمانی عەرەبی لە شیعرەکە بەکارهاتوون. لە پلەی دووەم زمانی فارسی دێت ١٠٨ جار بەکارهاتووە، لە چواردە شیعر بەکار نەهاتووە، لە ٣ دانە شیعر دێڕی تەواو بەزمانی هاتوون. بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە جگە لە وشەی فارسی لە شیعرە کوردییەکان، شاعیر بە زمانی فارسی ٨٨ دانە شیعری هەیە، بۆیە ڕێژەی بەکارهێنانی فارسی لە دیوانەکەیدا پلەی یەکەمە لەو زمانانەی بەکاریهێناون جگە لە کوردی، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاری لە پێشینەی ئێمە زمانی کوردی بوو، کارمان لەسەر زمانی فارسی نەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەوەی بەرچاومان کەوت لە هەندێ لە شیعرەکان وشەی عەرەبی یان ڕستەی تەواوی لە نێو شیعرە فارسییەکان بەکارهێناوە. بەپلەی سێیەم زمانی تورکی دێت، ئەوەی بەرچاومان کەوتبێت لە ١٤ شیعر بەکارهاتووە ئەوەش یەکسانە بەو شیعرانەی کە فارسیان تیایدا بەکار نەهاتووە. کەواتە ئەوەی دەمانەوێت بڵێین ئەوەیە تایبەتمەندی سەبکی عێراقی بریتییە لەو گۆڕانەی بەسەر لایەنی زمانی سەبکەکەدا هات، بەکارهێنانی وشە و زاراوەی زمانە جیاوازەکان، لە زمانی شیعری وەفایی سەلماندنی ئەو ڕاستییەن کە شاعیر

کاریگەر بووە بە سەبکەکەو زمانی جۆراوجۆری لە شیعرەکانی بەکارهێناوە و پێڕەوی سەبکەکەی کردووە، وەک لەم نموونەیەدا دەڵێت:

"بیا ای جان من ساقی فدای ساغرت بادا

ئەمان سووتام ئەمن جامێ لە نۆبەی دەورە بەملادا

"هوا خود نافه می ریزد صبا مشک بیزد"

مەگەر دیسان بە دەم بادا حەبیبەم پەرچەمی بادا (وەفایی: ٢١).

لەو شیعرانەی کە بە زمانی کوردی هۆنیوەتەوە، هیچ شیعرێک نادۆزیتەوە، کە چەندین وشەی زمانی فارسی تیایدا نەبێت. هەروەها هیچ شیعرێکی بە زمانی عەرەبی نەهۆنیوەتەوە، بەڵام چەند شیعرێکی( مولەمەع)ی بە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی نووسیوە، بە نموونە:

"مارأیت اللیل ان لحطه صار الغذا

فی الذوایب وجهک أم فی الدجی شمس بدا؟"

قەت نەهاتە دەست و جارێ نەبووە ئارامە دڵم

تا قیامەت داغی زولفانت لە جەرگی ئێمەدا (وەفایی:٣٣).

سەبارەت بە زمانی تورکی و تێکەڵکردنی بە زمانی شیعرەکانی، نموونەی زۆر کەمە و لە دێڕێکدا دەڵێت:

دەوری دوون هەر بە دڵی مونعیمی دوون دێ و دەگەڕێ

مەسەلی تورکییە: ((حیز حیزە تاپارسون، چغری)) (وەفایی: ٣٣)

وەفایی خۆی عاریف بووە و موریدی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە و بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی عیرفانین، ئەمەش وایکردووە شیعرەکانی پڕبن لە وشە و زاراوەی عیرفانی، وەک دەڵێت:

حاسڵی سەیر و سلوکم بوو بە خەندەی زاری تۆ

گەه بەقا، گاهی فەنا، گەه غائیب و گەه حازرم (وەفایی: ١١٢)

وەفایی بۆ خوێندنی ئاینی چەندین شوێن گەڕاوە و دواجار ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بەڵام هیچ کات مەلایەتی نەکردووە و لای خەڵک زیاتر هەر بە (میرزا) ناسراوە لەگەڵ ئەوەشدا قوتابخانەی هەبووە و دەرسی تیایدا گوتۆتەوە، (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٣٦٩). ئەمەش وایکردووە وشە و زاراوەی زانستە ئیسلامییەکان لە شیعرەکانیدا ڕەنگبدەنەوە، بۆ نموونە دەڵێت:

خوداوەندا! ڕەحیما! قادرا! ئامورزگاری خۆم

کەریم و، حەبیی و غەففار و، قەدیم و فەردە یەکتاکەم (وەفایی:١٤٦).

بە گشتی زمانی شیعرەکانی وەفایی زمانێکی نەرم و نیان و مۆسیقییە، وەک ئەوەی (مارف خەزنەدار) لە بارەی شیعرەکانی وەفاییەوە دەڵێت: "مۆسیقای نەرمە، ئاوازی ڕەوانە" (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٤٠٣). ئەمەش لەگەڵ یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی عێراقی یەکدەگرێتەوە، بۆ نموونە:

لەو ڕۆژەوە کە دوور بۆتەوە سایەت لە سەری من

سووتاوە لە تاوت هەموو جان و جگەری من

جەرگم هەموو لەت لەت بوو بە سێڵاوی سروشکم

چ بکەم کە بە دەریا چووە لەعل و گوهەری من (وەفایی:١٦١).

هەر ئەو زمانە نەرم و نیان و مۆسیقییەی شیعرەکانی وەفاییە بووەتە هۆی ئەوەی چەندین شیعری بکرێن بە گۆرانی، تەنانەت هەر کە ناوی وەفایی دەبیسترێت، ڕاستەوخۆ مۆسیقای شیعرەکانی دێتەوە یاد.

### ٢.٢.٣. تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان:

سەبکی عێراقی لە ڕووی ئەدەبییەوە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە لە سەبکەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، دیارترین تایبەتمەندی ئەدەبی سەبکی عێراقی باوبوونی فورمی غەزەلە و لەم سەبکەدا غەزەل دەگاتە لوتکەی داهێنانی خۆی. لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیشدا وەفایی مامۆستای غەزەلە، وەک دەڵێن وەفایی" لە نێو قالّبە جۆراوجۆرەکانی سەردەم وەک مەسنەوی، قەسیدە، موخەممەس، موستەزاد و... باری قورسی هەستەکەی دەخاتە سەر شانی بووکی شێوازی لە پێشتر و ئێستا واتە ((غەزەل)) بە فارسی و کوردی کە لە کوردییەکاندا دەگاتە ئەو هەوارە لە دوندی هونەردا کە مامۆستا هێمن گوتەنی:"کەم  کەس هێندە هەڵکشاوە بۆ لووتکە" (نەجاری (ئاسۆ)، ١٣٩٠: ٨). بۆیە توانیویەتی ببێت بە یەکێک لە ناوە دیارەکانی نێو شاعیرانی هۆنینەوەی غەزەل و لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا مامۆستا و وەستای غەزەلە. ئەگەر سەیربکەین ئەمانە کۆی ئەو قالبانەن کە لە دیوانەکەداهاتوون:

| ژ | جۆرەکە | کوردی | فارسی |
|---|---|---|---|
| | غەزەل | ١٢٢ | ٧٦ |
| | پێنج خشتەکی | ٩ | ٤ |
| | چوارین | ١ | |
| | مەسنەوی | | ١ |
| | قەسیدە | | ٦ |
| | دوو بەیت | | ١ |

کەواتە هەندێک قالّب لە زمانی فارسی هەیە لە کوردی بوونیان نییە، لە هەردوو زمانیش بەڕێژەیەکی زۆر بەشێوەی غەزەل نووسراوە. هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی غەزەل یەکێکیترە لەوبابەتانەی کە گرنگی زۆری بە سەبکی عێراقیداوە.

وەک دەبینین غەزەل سەرتاپای دیوانەکەی بۆ خۆی پاوان کردووە و بووەتە فۆرمی زاڵ لە دیوانی شاعیر، غەزەل  شیعرێکی لیریکییە و شاعیر لە ڕێگەیەوە هەست و سۆزە خودییەکانی خۆی تیایدا دەردەبڕێت، وەفایش لەم ڕێگەیەوە هەست و سۆزەکانی تیایدا دەربڕیوە و

غەزەلەکانی گوزارشتن لە هەستێکی پاک و پڕ لە ئەوینێکی ڕۆحییانە بەرانبەر بە مەعشوقەکەی و بە گشتی شیعرەکانی بریتین لە گێڕانەوەی حیکایەتی عیشقی شاعیر، بۆ نموونە لەم چەند دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

پێم بڵێ گوڵی بەهاریم لە تۆ تابەکەی جودا بم؟

وەرەوە، بە شەرتی جاران، ڕۆژێ سەد جارت فیدابم

خاڵی چاو و گۆشەی ئەبرۆ، دوو دینیان کردم لەسەر تۆ

یا بمکە پیری مەیخانە، یا موریدی خانەقا بم

سەرەکەم فیدات عەزیزم، وەرە زیز مەبە لەسەر دڵ

سەرە پابەندی تۆیە، دڵە ماڵی خۆتە تابم (وەفایی:٩١).

لە سەبکی خۆراسانیدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەو شێوەیە بەرچاو ناکەون و ئەو هونەرانەی بەکاریش هێنراون نەگەیشتوون بە کەماڵی خۆیان و لە ئاستێکی سەرەتاییدان، بەڵام دواتر زۆری و فراوانی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەبێتە یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی سەبکی عێراقی و هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەم سەبکەدا لە سنوری چەند هونەرێک نامێنێتەوە و شاعیران سوود لە زۆرترین هونەرەکان وەردەگرن، وەفایش لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەستێکی باڵای هەبووە و توانیویەتی سوود لە زۆرترین هونەرەکانی ڕەوانبێژی بۆ چنینی دەقەکانی وەربگرێت، زۆر لە هونەرەکانی وەکو (لێکچواندن، خواستن، دژیەک، ڕەگەزدۆزی، پێچان و کۆکردنەوە،... تاد) لە شیعرەکانی شاعیردا دەبیندرێن، لە شیعرێکدا دەڵێت:

قەفەسی بەدەنم تەنگ و تاریکە

بازی دڵ و مورغی جان، هەردوو پەروازن (وەفایی:١٥٧).

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر سێ لێکچواندنی هێناوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | | |
|---|---|---|
| قەفەس: لێچوو | باز: لەوچوو | مورغ: لەوچوو |

بەدەن: لەوچوو                    دڵ: لێچوو                    جان: لێچوو

تەنگ و تاریک: ڕووی لێکچوون        پەرواز: ڕووی لێکچوون        پەرواز: ڕووی لێکچوون

لە نموونەیەکی دیکەدا شاعیر هونەری درکەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

شەو و ڕۆژ هەر لە فیکری زاری تۆدام

بە هیچێ عومری شیرنم بەبادا                    (وەفایی:١٨).

لەم دێڕە شیعرەدا (هیچ) درکەیە لە بچووکی دەمی یار، وەفایی لە چەندین شوێنی تریش (هیچ) ی بۆ ئاماژەدان بە بچووکی دەمی یار بەکارهێناوە و بووەتە دیاردەیەکی شێوازی لای شاعیر. لە بارەی هونەری خواستن لە دێڕێکدا دەڵێت:

لەو شارە خەدەنگی سەنەمێکم لە جگەردا

شۆخێ کە غەمی ئاینەداری بە قەمەردا                    (وەفایی:٢٥).

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا وشەی (سەنەم)ی لە بری یار بەکارهێناوە و مەبەستییەتی بڵێت لەو شارەدا تیری یارێکی جوانم لە جگەردایە. یار دەبێتە بۆخواستراو و سەنەم دەبێتە لێ خواستراو. شاعیر ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕەگەزدۆزی تەواوی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، ئەمەش توانا و لێهاتوویی شاعیر نیشاندەدات لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕوانبێژی و چنینی دەقدا، بۆ نموونە:

سەودائیی زوڵفی سیەهت نیم  بە هەوایی

تا ڕۆژی وەفاتم بە تەمای میهر و وەفاتم                    (وەافایی:١٠٣).

لە نێوان هەردوو وشەی (وەفاتم ـ وەفاتم) ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە، وشەی (وەفاتم)ی یەکەم بە مانای (مەرگ و مردن) دێت و وشەی (وەفاتم)ی دووەم بە مانای (وەفا) دێت. نموونەی هونەری دژیەکیش لە دیوانی شاعیر گەلێک زۆرە و لە دێڕێکدا دەڵێت:

دەست و دامان زولفەکەت کەوتۆتە بەر پێت و دەڵێ:

تۆ غەنی من بێ نەوا، تۆ پادشاە من گەدا                    (وەفایی: ٣٥)

لەم دێڕە شیعرەدا لە نێوان هەردوو وشەی (پادشاه و گەدا) دژیەک هەیە، لە ڕووی واتاییەوە لە نێوان وشەی (غەنی و بێ نەوا) ش دژیەک هەیە و بێ نەوا بە واتای هەژار دێت. جیا لەم هونەرانە چەندین هونەری دیکەی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی شاعیردا بەکارهاتوون، بەڵام توێژینەوەکە لەوە زیاتر بواری خستنەڕووی هونەرەکانی دیکە نادات.

پاش سەروا وەکو تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەدەبیی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی شاعیردا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنراوە، بۆ نموونە دەڵێت:

دیسان بە هەوری نیسانی دونیا ڕەنگی ژەنگاری گرت

گوڵ زەرد و سور هاتە دەرێ دەشت و سەحرا کۆهساری گرت

دیسان بە نەغمەی زیر و بەم، بولبول دەڵێ بە دەرد و غەم

لە تاوی غونچەی گوڵ بەدەم، ساز و سەمتوور و تاری گرت (وەفایی:٥٢).

ئەگەر سەیری وشەی(گرت) بکەین لە هەرسێ نیوە دێڕ پاش سەروای دروستکردوە، پێش خۆی سەروا بوونی هەیە، کە وشەکانی(ژەنگاری، کۆهساری و تاری) دەگرێتەوە.

وەفایی ئەگەر تاک و تەرا نەبێت ئەگەرنا لە هەموو شیعرەکانی ناسناو)ی بەکارهێناوە، چەسپاندنی ناسناویش لە کۆتایی شیعر یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی سەبکی عێراقی، شاعیر لە کۆی ٢٢٠ دانە شیعر بە فارسی و کوردییەوە ٢٠٦ جار ناسناوی خۆی بەکار هێناوە، لە کوردی تەنیا لە سێ شیعر بەکاری نەهێناوە، کەواتە لە کۆی ١٣٢ دانە شیعر ١٢٩ جار بەکارهاتووە. لە زمانی فارسی لە کۆی ٨٨ شیعر ٧٧ جار بەکارهاتووە و ١١ بەکارنەهاتووە، زۆربەی شیعرەکان لە کۆتایی بەکارهاتووە، ٢ دانەیان ٣جار ناوی خۆی بەکار هێناوە و لە ٣ دانەیکەیان ٢ جار بەکار هاتووە، ئەوانە لە جارێک زیاتر بەکارهاتوون ناسناوەکە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییدایە.

خەرامان هات و چوو دڵبەر، ((وەفایی)) ما بە ناکامی

دریغا عومری شیرینم چ زوو هات و چ زوو ڕۆیی (وەفایی: ٣٤٢).

وەفایی تەنیا لە دێڕی کۆتایی ناسناوی بەکارنەهێناوە، بەڵکو لە هەندێ شیعر لە دێڕی پێش کۆتایی و هەندێکی تر لە دوو دێڕ پێش کۆتایی بەکاری هێناوە.

**٣.٢.٣. تایبەتمەندییە هزرییەکان:**

لە سەرەکیترین تایبەتمەندییە هزرییەکانی سەبکی عێراقی باوبوونی هزری عیرفانی و سۆفیگەرییە لە شیعردا، بەشێکی بەرچاو لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی وەفاییشدا لە خزمەتی هزرە عیرفانی و سۆفیگەرییەکەدایە، تەنانەت ئەو شیعرانەشی، کە لە دەرەوەی هزری عیرفانین پێڕەوی لە مۆدێلە عیرفانییەکە کردووە، بۆیە زۆرجار ئەستەم دەبێت شیعرە عیرفانی و ناعیرفانییەکان لە دیوانی وەفاییدا لە یەکتر جیابکرێنەوە، وەفایی هەم مەعشوقی زەمینی هەیە و هەم مەعشوقی ئاسمانی، زۆرجار لە دیوانەکەیدا ئەم دوو عیشقە ناناسرێنەوە و جیاکردنەوەیان لە نێوان زەمینی و ئاسمانیدا کارێکی سەخت دەبێت، ئەمەش دواجار لەگەڵ تایبەتمەندییە هزرییەکانی سەبکی عێراقی دێتەوە، چونکە لە سەبکی عێراقیشدا مەعشوق تەنیا مەعشوقی حەقیقی یان ئاسمانی نییە، بەڵکو زۆرجار مەعشوقی زەمینیش دەبێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە لە دیوانی عاریفاندا جیا لە عیشقی ئیلاهی عیشقی مەجازیش بوونی هەبێت، ئەوان خۆیان باوەڕیان بەوە هەیە کە (مجاز قنطره حقیقه) مەجاز پردێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و پێیانوایە تا سەرەتا لە عیشقی مەجازییەوە دەست پێنەکەیت ناگەیت بە عیشقی حەقیقی، ئەم حاڵەتە لای وەفاییش هەستی پێدەکرێت" یەکەم ئەوینی وەفایی، ئەوینی خاڵ و پەرچەمی شیرینێکی تەشی بە دەستە، کە بە تاڵی پەرچەمی وەک خەیاتە خاوی، تاڵ تاڵی هەودای خەیاڵی کاڵی وەفایی دەهۆنێتەوە و لە بۆتەی ئەوینێکی خوداییدا قاڵی دەکا… بەڵێ ئەوین، ئەم ئەلف و بێ تێ کەی شیعری شەرق و غەرب بە قەولی مەولانا: "این اسطرلاب اسرار خدایی" لە دڵی ناسکی ئەم شاعیرەی موکریان کۆچکاوریَ هەڵدەکا کە سۆز و گڕەکەی لە تەمەنی کاملێدا، دەنگی خۆی دەگۆڕێ و جێی خۆی ئەدا بە مەعشوقێکی ئاسمانی

و بەرەو ئاسمانی بوون باڵ دەگرێتەوە" (نەجاری"ئاسۆ"، ١٣٩٠: ٦ – ٧). کەواتە وەفاییش بەهەمان شێوە بە پردی مەجازدا پەڕیوەتەوە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بۆیە دواجار بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی وەفایی ڕەنگدانەوەی ئەم حاڵەتە عیرفانییە، هزری عیرفانی بووە بە ناوەڕۆکێکی بەرچاو لە شیعرەکانی وەفاییدا بۆ نموونە دەڵێت:

لە عەکسی شۆخ و شەنگێکە، جیهان گوڵ گوڵ بە چەنگێکە

هەر ئەوراقی لە ڕەنگێکە، بەیانی حوسنی یەکتا کرد (وەفایی:٦٧).

ئەم دێڕە شیعرە گوزارشتە لە سەرەکیترین هزری عیرفانی کە بابەتی یەکێتیی بوون (وحدت وجود) و یەکێتی بوونی جوانی (وحدت وجود جمالی)یە، واتە وەفایی باوەڕی وایە کە هەموو گەردوون و بوون تەجەللای حەقە و هەموو گەردوون و بوون لە جەمالی حەق پەیدابووە و تەجەللای جوانی ئەوە و هەموو جوانییەکانی بوون و گەردوون دەگەڕێتەوە سەر جوانی حەق، حەق (خودا) مەعشوقی حەقیقی وەفاییە و بۆ گەیشتن بە جوانی مەعشوقەکەشی ڕێگای عیشق دەگرێتەبەر، لە غەزەلێکی (١٦) دێڕی ڕێگای عیشقی عیرفانیمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە عاشق لە ڕێڕەوی عیشقە عیرفانییەکەیدا ئەو ڕێوڕەسمانەی کە دەبێت پیرەویان بکات و پییاندا تێپەڕێت تا دواجار بتوانێت بە مەعشوقە دڵخوازەکەی بگات، ئەم غەزەلە تا ڕادەیەک کۆی ڕەهەندە سەرەکییەکانی هزری عیرفانی لەخۆدەگرێت و دەڵێت:

ئەی دڵ وەرە هۆشیارببە ((هذا طريق العاشقين))

مەحوی جەماڵی یار ببە ((هذا طريق العاشقين))

لەم لاوە گریەی نای و نەی، لەولاوە خەندەی جامی مەی

ئاگر لە عالەم بەر بدەی ((هذا طريق العاشقين))

جارێ لە چاوان بگرە خەو، بگری بەناڵەی نیوە شەو

تا بێتەدەر خورشیدی ئەو، ((هذا طريق العاشقين)) (وەفایی:١٧٥).

کەواتە هزری عیرفانی لە شیعرەکانی وەفاییدا زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش تەبایە لەگەڵ تایبەتمەندییە هزرییەکانی سەبکی عێراقی. شیعری سەبکی عێراقی بە گشتی شیعرێکی عاشقانەیە و عیشق ڕۆڵی سەنتەرییەتی تیایدا دەبینێت، ئینجا ئەم عیشقە ئاسمانی بێت یان زەمینی، دیوانی وەفایش گێڕانەوەی حیکایەتی عیشقی وەفاییە و ئاگری عیشقی یارەکەی لە ڕۆحی بەربووە و لە بەری پێ هەتا تەوقی سەری سووتاندوویەتی و وەک نەی بە بێ دەنگی دەسووتێت:

ئاگری عیشقت لە ڕۆحم بەربووە سەر تا قەدەم

وەک نەیستان هەردەسووتێم مات و خامۆش بێ سەدا        (وەفایی:٣٤).

ئەم عیشقە دوایی بووەتە بەشێک لە وجوودی وەفایی ناتوانێت لێی دەرباز بێت و هەر دەیسووتێنێت:

چەند بە چەند گریام هەوای عیشقم لە سەر خاڵی نەبوو

غەرقی تۆفان بووم کەچی تەسکینی سووتانم نەهات

وەک ((وەفایی)) تا بەکەی بگریم بناڵێنم بڵێم:

ئەلئەمان سەر تا قەدەم سووتاوم و جانانم نەهات        (وەفایی:٥٠).

لێرەوە حیکایەتی عیشقی وەفایی دەبێتە حیکایەتی دووری و دابڕان لە مەعشوق، لە چەندین شیعردا گوزارشت لەو دووری و دابڕانە دەکات و دەڵێت:

هێندە لەبەر ئاوری فیراق و ئیشتیاقت مامەوە

بوو بە کۆی زووخاڵ دەروونم، بوو بە خوێن جان و جگەر    (وەفایی:٨١).

ئەم دووریی لێکدابڕانەش دواجار بووەتە سەرچاوەی غەم و ناڵین لای وەفایی و دڵی بووە بە منداڵێک و لە قوتابخانەی غەم دەخوێنێت.

هەریەک لە بابەتەکانی عیشق و عیرفان و دووری و دابڕان و غەم بابەتی خودی و ویژدانین، ئەمەش خۆی یەکێکە لە تایبەتمەندییە هزرییەکانی سەبکی عێراقی، شاعیرانی سەر بەم سەبکە، شیعر دەکەنە مینبەرێک بۆ گوزارشت کردن لە ناخ و دەروونی خۆیان:

دڵ بە من ناکا لە بەر ئاوری دەروونم دێتە جۆش

تۆ کە سووتانت نەدیوە مەنعی گریانم مەکە (وەفایی:٢٣٤).

جیا لە بابەتە خودی و ویژدانییەکان، بایەخدان بە بابەتە عەقڵی و ئەبستراکتەکان تایبەتمەندییەکی دیکەی سەبکی عێراقییە. لەم لایەنەوە وەفایی لە دێڕێکدا دەڵێت:

((وەفایی)) گەر بە هەوای وەسڵی زاری دڵ مەدە زوڵفی

مەحاڵی عەقڵە جەمعییەت کە من ئاشفتە خاتر بم (وەفایی: ١٠٢).

وەفایی لەم دێڕە شیعرەدا بۆ گوزارشتکردن لە ناخی خۆی پەنا دەباتە بەر لۆجیک و ئەیکاتە قەزیەیەکی مانیعەتولجەمع.

کەواتە لە ڕووی هزری تێکەڵبوونی هزری عیرفانی و چەمک و زاراوە عیرفانییەکان، کە یەکێکە لەو بابەتانەی شاعیر لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری پێداوە، بەڵگەمان بۆ ئەوە لە کۆی ١٢٢ دانە شیعر ٤٨ یان هزر و تێڕوانینی عیرفانی تیایدا ڕەنگیداوەتەوە، نەک بەدووای ئەوەبووبین تەنیا بە زاراوەیەکی عیرفانی بدۆزینەوە، بەڵکو تەواوی هزری شاعیر بەدەوری تێڕوانیە عیرفانیەکەدا خولاوەتەوە و لە شیعرەکە ڕەنگیداوەتەوە.

**٤. ئەنجام**

٤.١ لە ڕووی زمانییەوە تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی وەفایدا ڕەنگیداوەتەوە، زمانی شیعرەکانی زمانێکی تێکەڵە لە وشە و پەیڤی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی. وشە وزاراوەی عیرفان و سۆفیگەری و زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکانی دیکە لە

شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگیداوەتەوە. بە گشتی زمانی شیعرەکانیشی زمانێکی نەرم و نیانە، ئەم تایبەتمەندییانەش بریتین لە هەمان تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی عێراقی.

٤.٢ لە ڕووی ئەدەبییەوە قاڵبی غەزەل، قاڵبێکی زاڵە لە دیوانی وەفاییدا و زۆربەی شیعرەکانی بەم قاڵبە هۆنیوەتەوە، لەم غەزەلانەدا سوودی لە چەندین هونەری ڕەوانبێژی وەرگرتووە و پاش سەرواشی لە بەشێکی زۆر لە غەزەلەکاندا بەکارهێناوە و لە کۆتایی هەر غەزەلێکیش ناسناوی خۆی بەکارهێناوە، ئەمانەش لە تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی سەبکی عێراقین.

٤.٣ لە ڕووی هزرییەوە هەموو ئەو هزرانەی بوونەتە تایبەتمەندییەک بۆ سەبکی عێراقی زۆر بە ڕوونی لە شیعرەکانی وەفاییدا دەبیندرێن، هزری عیرفانی و سۆفیگەری پانتاییەکی بەرفراوانی لە دیوانی وەفاییدا داگیرکردووە، شیعرەکانی بە گشتی گوزارشتن لە حیکایەتی عیشق و دووری و لێکدابڕانی لە مەعشوق، ئەمەش سیفەتێکی خودی و ویژدانی غەماوییان داوە بە شیعرەکانی شاعیر، وەفایی بۆ گوزارشتکردن لە عیشقی خۆی پەنای بردووەتەبەر بابەتی عەقلی و ئەبستراکتەکانیش. ئەم هزرانە هزری زاڵی نێو شیعرەکانی وەفایین و بە گشتی دیوانەکە بە دەوری بازنەی ئەم هزرانەدا دەسوڕێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### ـ بە زمانی کوردی

### ـ پەرتووکەکان

ـ ئەحمەد، صافیه محمد (٢٠١٤)، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود، چاپی یەکەم، یەکێتی نووسەرانی کورد، هەولێر.

ـ خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

ـ محەمەد، ئاریانا ئیبراهیم (٢٠١١)، شێوازە ئەدەبیەکانی ڕۆژنامەی خەبات ٢٠٠٣ ـ ٢٠٠٦، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

ـ نەجاری (ئاسۆ)، موحەمەد سەعید (١٣٩٠)، دیوانی وەفایی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنندج.

**-گۆڤار:**

ـ ئەمین، سیروان جەبار (٢٠١٤)، ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی مەحویدا، گ. ئەکادیمی کوردی ژ:٣٠، هەولێر.

ـ پیرۆت، محمد، بارزان عەلی و هێمن جاسم(٢٠١٩)، ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی حەریقدا، گ. زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە.

ـ نامەی ئەکادیمی:

ـ ئەحمەد، ڕزگار عەبدوڵڵا (٢٠١٥)، ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی (سافی) دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

ـ خەلیل، زەینەب جەلیل (٢٠١١)، ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی و هیندی لە شیعرەکانی نالیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**به زمانی فارسی:**


- بهار، محمد تقی (٢٥٣٥)، سبک شناسی یا تاریخ تطور نثر فارسی، جلد اول، چاپ چهارم، امیر کبیر، تهران.

- ڕاستگو، سید محمد (١٣٨٩)، عرفان در غزل فارسی، چاپ دوم، علمی و فرهنگی، تهران.

- شمیسا، سیروس (١٣٨٢)،سبک شناسی شیعر، چاپ نهم، فردوس، تهران.

- شمیسا، سیروس (١٣٧٥)، کلیات سبک شناسی، چاپ چهارم، فردوس، تهران.

- غلامرضایی، محمد (١٣٩١)، سبک شناسی شعر فارسی ازرودکی تا شاملو، چاپ چهارم، جامی، تهران.

- قاسمی، ضیاو (١٣٩٣)، سبک ادبی از دیدگاه زبان شناسی، چاپ اول، امیر کبیر، تهران.

- میر صادقی، میمنت (١٣٨٥)، واژنامه هنر شعری ـ فرهنگ تفصیلی اصطلاحات فن شعر و سبک ها و مکتب هاو ان، چاپ سوم، کتاب مهناز، تهران.

- نژاد و کزازی، گوهر ڕستمی و میر جلال الدین (١٣٨٨)، مقایسه می و معشوق در سبک خراسانی و عراقی، چاپ اول، شاپور خواست.


به زمانی عەرەبی


- المسدی، عبدلسلام (٢٠٠٦)، الاسلوبیه و الاسلوب، دارالکتاب الجدید المتحده، بیروت ـ لبنان.

# تجليات الأسلوب العراقي في الشعر الكردي لدى وفايی،

ملخص

نظرا للعلاقة الأدبية الممتدة بين الأدب الكردي والأدب الفارسي، وللتأثير العميق الذي مارسه الأدب الفارسي في التراث الأدبي الكردي، انتقلت مجموعة من الأساليب والخصائص الأسلوبية التي ازدهرت في الأدب الفارسي إلى الأدب الكردي، وبرزت تجلياتها في نتاج الشعراء الكرد. تهدف هذه الدراسة، الموسومة « تجليات الأسلوب العراقي في الشعرالكردي لدى وفايی»، إلى الكشف عن مظاهر الأسلوب العراقي في شعر وفايی. ولتحقيق هذا الهدف، اعتمدت الدراسة على المنهج الوصفي التحليلي وحاول بيان أبرز خصائص هذا الأسلوب في الغزل الكردي لدى الشاعر. وفي ختام البحث، توصلنا إلى أن وفايی يعد من أتباع الأسلوب العراقي، وأن خصائص هذا الأسلوب قد انعكست بصورة واضحة في أشعاره، من الجوانب اللغوية والفكرية والأدبية.

الكلمات المفتاحية: الأسلوب العراقي، الأسلوب الأدبي، الخصائص اللغوية، الخصائص الأدبية، الخصائص الفكرية، وفايی.